هیچ مەحرەمیەتێک دروست نابێت بەهۆی شیرپێدانەوە مەگەر ئەوە نەبێت کە دەچێتە نێو ڕێخۆڵەکانەوە لە مەمکەوە، ولە پێش لەشیرگرتنەوە بێت

لە ئوم سەلەمەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ مەحرەمیەتێک دروست نابێت بەهۆی شیرپێدانەوە مەگەر ئەوە (ئەو شیرە) نەبێت کە دەچێتە نێو ڕێخۆڵەکانەوە لە مەمکەوە، ولە پێش (تەمەنی) لەشیرگرتنەوە بێت».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرمـوودەیە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ئـەو شیرپێـدانە دەبێـت هـۆی مەحرەمیـەت دروسـتبوون ئەگـەر شیرەکـە گەیشتبێتە نێو ڕێخۆڵەکانەوە وپڕی بکاتەوە، بەڵام شیرپێدانی کەم کە ئەمە ناکات نابێتە هۆی مەحرەمیەت دروستبوون لە نێوان منداڵە شیرپێدراوەکە وئافرەتە شیردەرەکە، بۆیە ئەو شیرپێدانەی کە کاریگەری دەبێت لەسەر دروستبوونی مەحرەمیەت ئەوەیە لە کاتی منداڵیدا (خوار تەمەنی دوو ساڵیدا) بێت؛ واتا پێش ئەوەی منداڵەکە لە شیرپێدان ببڕێتەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58177